### کەی بەهار:

# دەمەوێ بۆ جیهان بە بەڵگەوە بیسەلمێنم کە ئێمە شایەنی ئەوەین دەوڵەتی سەربەخۆمان هەبێت



ئەم فیلمە یەکێکە لە خەونەکانی دەرهێنەر کەی بەهار کە دانیشتووی بەریتانیایە و بە ڕەگەز کوردێکی شــاری کەرکووکە و ساڵانێکە لە دەرەوەی وڵات ژیان بەسەر دەبات. سەبارەت بە چۆنیەتی وێنەگرتنی فیلمەکە، کەی بەهار لــە دیمانەیەکی تایبەتدا بۆ گۆڤاری گوڵان ڕایگەیانــد: (خەونی کورد) پرۆژەی فیلمــی دیکۆمێنتاری نوێیە هەردوو کۆمپانیای (جۆکە فیلــم) و کۆمپانیای (ڤۆن پلاوت) بۆ تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندنەکانی بیانــی بەرهەمی دەهێنین، بەهیوای ئەوەی فیلمێکی (٩٠) خولەکی لێ بەرهەم بهێنین بۆ ســینەماکان، چونکە فیلمی دیکۆمێنتاریش دەچێتە ســەر پەردەی ســینەماکان، بەڵام دەبــێ بیزانیت بە چ ســتایلێك بەرهەمی دەهێنیت، بۆ ئەوەی شــێوازی پێشکەشــکاری و ڕیپۆرتەری بۆ خۆیەوە نەگرێت، بەڵکو بە شێوازێکی دیکە دروستی بکەیت.

لەبارەی پەیامی فیلمەکە، کەی بەهار گوتی: پەیامی (خەونی کورد) زۆر ســادەیە، من کەمپینێکم هەیە بەناوی سیریك (جیابوونەوە لە عێــراق و بانگەوازی ســەربەخۆیی بــۆ کو ر د ســتا ن ) ، ئــەم کەمپینــە لە ماڵپــەڕی ئاڤــاز دەســتم پێکردووە، کــە ماڵپەڕێکــی جیهانییە و بایەخ بە هەموو بوارێکی ژیان دەدات هەر لە مرۆڤ و ئاژەڵ و شوێنەوار... هتد، دەنگەکەشــی لە کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتی دەبیســترێت. ئــەم کەمپینە هەوڵدەدات جەماوەری جیهانی کۆبکاتەوە لە پێناو پشــتگیری لەبوارێــك کە مافی ڕەوای خۆیەتی بۆ نموونە وەکو ســەربەخۆیی کوردستان کە مافی ڕەوای گەلی کوردە.

کەی بەهار زیاتر قسە لەسەر پرۆژەکەی دەکات و دەڵێت: لە پێناو فیلمی (خەونی کورد) لە سەرتاســەری کوردســتان دەگەڕێم، هەر لە ســەرکردەکانەوە تا مرۆڤی سادەی کوردو پێشمەرگەی کوردستان قسەیان لەگەڵ دەکەم و لێیان دەپرسم: کاتی ئەوە نەهاتووە سەربەخۆ بیــن؟ ئایا خۆمان بیکەین، یان بیدەینە دەســت بیانییەکان تاکو ئەو بڕیارەمان بــۆ بدەن؟ ئایا ئەم خەونە تەنهــا وەك خەون دەمێنێتەوە؟ گوتیشی: لە فیلمی (خەونی کورد) دەمەوێ بۆ جیهان بە بەڵگەوە بیســەلمێنم کــە ئێمە میللەتێك نیــن بەس تەقە بکەیــن، ئێمە لە ئەشکەوتی شانەدەر مێژوویەکمان هەیە بۆ ٤٠-٦٠ هەزار ساڵ پێش ئێســتا دەگەڕێتەوە، واتە ڕەگی مرۆڤایەتی لە کوردستانەوە دەستی پێکردووە، بۆیە دەمەوێ بە جیهان بڵێم کە ئێمە ســەدا سەد شایەنی ئەوەین دەوڵەتمان هەبێت.

ماوەیەکە وێنەگرتنــی فیلمی (خەونی کورد) دەســتیپێکردووە، لەمبارەیەوە کەی بەهار دەڵێت: هەست دەکەم خەڵکی کوردستان زۆر پەرێشــانە بۆ ئەم بابەتە و بەموڵکی خــۆی دەزانێت، چونکە کەی بەهــار تەنها ئامرازێکە بۆ گەیاندنــی داخوازییەکە، نە کەمپینەکە موڵکی منە، نە فیلمەکە، بەڵکو موڵکی گەلی کوردستانە، منیش تەنهــا ئامرازێکی گەیاندنم. لەم فیلمەدا وێڕای دەرهێنەر، کلاودیۆ ڤۆن پلاوت و بیلال شاکر بە وێنەگرتن بەشداری ئەم خەونەن، لەگەڵ میران ســابیر وەك بەڕێوەبەری بەرهەم. لە ڕۆژی ٢٠ی ئەم مانگە (ڕۆژێك پێش نەورۆز) هاتوونەتە کوردســتان، ئەویش بە مەبەســت بووە تاکو وێنــەی ئاهەنگی نەورۆز وێنەبگرن و دیمەنەکانیش ببێتە پێشەکی فیلمی (خەونی کورد)، شــاری (ئاکرێ)ش بووە شوێنی دەستپێکی وێنەگرتنی فیلمەکە.

### سەرەتای فیلمکاریی دیکۆمێنتاری کەی بەهار

یەکەم فیلمــکاری دیکۆمێنتاری نێوان کەی بەهارو کلاودیۆ ڤۆن پلاوت بۆ ساڵی ١٩٩٣ دەگەڕێتەوە، کاتێك کەی بەهار لە کوردستان وێنەی فیلمی (جگە لە چیــاکان هاوڕێمان نییە)ی گرت و دواتر خامەکەی بردەوە بەریتانیا و لەوێ کلاودیۆی مۆنتاژی فیلمەکەی کــرد ئەوەش بووە هەوێنی پێکــەوە کارکردنی یەکەم فیلمی کوردی دیکۆمێنتــاری هەردووکیان لەســەر کورد. دواتــر پێکەوە چەندین فیلمی دیکەیــان کرد لە وڵاتانی جیاواز تەنانەت گەشــتکردن بۆ فلیپین و ســودان و کۆنگۆو سلڤادۆر. دواتر ساڵی ١٩٩٦ جارێکی دیکە کەی



(خەونی کورد) ناونیشانی نوێترین فیلمی دیکۆمێنتاریی دەرهێنەر (کەی بەهار)ە، کە بە هاوبەشـــی لەگەڵ فیلمکار (کلاودیۆ ڤۆن پلاوت)ی بە رەگەز سویسری کاری بۆ کراوە و لە ئێستادا لە کوردستانن بە مەبەستی وێنەگرتنی ئەم فیلمە و پیشاندانی لە زۆرترین تەلەفزیۆن و سینەما جیهانییەکاندا.

بەهار هاتەوە کوردستان بۆ وێنەگرتنی فیلمی (هەڵهاتن لە ناوچەی پارێـــزراو) بۆ کەناڵی BBC کە ماوەکەی ٢٥ خولەك بوو، لە پاش ئەو کەناڵـــەش فیلمەکە لە زیاتر لە ٢٥ وڵاتی جیاواز پەخشـــکرا. دواتریش هەر پێکەوە فیلمێکـــی دیکەی دیکۆمێنتاریان تۆمار کرد بەناوی (گەڕانەوە بۆ کەرکوك- ســـاڵێك لەنـــاو ئاگر) کە ماوەی ســـاڵێکی خایانـــد، فیلمەکەش تایبەت بوو بە هەڵبـــژاردن و یەکەم تاقیکردنەوەی دیموکراسی لە عێراق و بەشداربوونی کورد تێیدا.

## رۆمانێکی کوردی بە زمانی ئینگلیزی

مانگێك بەر لە ئێستا و لە سەروەرییەکی نوێی کەلتووری کوردیدا لە دەرەوەی وڵات و لە مەراســـیمێکی تایبەت، نووســـەر و دەرهێنەر کەی بەهار رۆمانی (نامە لـــە کوردێکەوە) کە رۆمانێکی کوردی بە زمانی ئینگلیزییە، لە ناو جەرگەی شـــاری لەندەن بڵاویکردەوە، کـــە نزیکەی ١٠٠ میوانی بیانی و کوردی دانیشـــتووی شـــارەکە ئامادە بوون بۆ گوێگرتن لە کەی بەهار – نووســـەری رۆمانەکە لە خوێندنـــەوەی چەند بڕگەیەك لە ناوەڕۆك و لە چیرۆکی - مەریوان رەشـــەبا – کە پاڵەوانی ئـــەم رۆمانەیە. هەروەهـــا کەی بەهار بۆ ئامادەبووان باسی ئەوەی کرد کە ئەمە نازدارترین کارە ئەو بەرهەمی هێناییێت تاکو ئەمڕۆ و گرنگترین کاریشە کە کردبێتی بۆ کوردستان لەم سەردەمەدا کە کورد رووبەڕووی جەنگێکی وەحشیگەرانە بۆتەوە، نەك تەنها لە پێناوی پاراســـتنی کوردستان، بەڵکو بۆ رزگارکردنی شارستانی و ئازادیی کۆمەڵگەی جیهانی لەم مەترسییە.

رۆمان لە وڵاتانی پێشـــکەوتوو، وەك بوارەکانی دیکەی کەلتوور و هونەر بایەخێکی زۆری پێدەدرێت، بـــۆ بڵاوبوونەوەی رۆمانەکەش، نووســـەر لە چەندان شـــار بانگێشـــت دەکرێت کە ئەم مەراسیمە لە پەرتووکخانە بەناوبانگەکانی شـــارە کە دووبارە بکاتەوە. بەم شێوەیە خوێنەر جگە لە ئاشـــنابوون بـــە رۆمانەکە، چاویـــان بە نووسەریش دەکەوێت و زۆربەیان گەلێ شادن کە بە ئامادەیی نووسەر لەوێ رۆمانەکـــە بکڕن تاکـــو بتوانن واژووی نووسەر وەرگرن.

ئـــەم رۆمانە دوو ســـاڵی برد لە نووســـینەوە بۆ ئەوەی دەقی یەکەمی ئامادەبێت و کاروانێکی گەلێ ســـەخت بوو، چونکە بە زمانی ئینگلیزی بووە. هەروەها هەوڵی کەی بەهار ئەوە بوو بە ئاستی ســـتانداردی جیهانی رۆمانێـــك بنووســـێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت دەنگـــی کورد بگەێنیتە خوێنـــەر لە هەموو لایەکی جیهان. بۆ ئەم مەبەســـتە کەی بەهاری فیلمـــکار وازی لە کاری فیلمکاری هێنـــا، وازی لە ئەکتەرکاری هێنا، هەروەها رۆژانە بۆ ماوەی ١٤ تاکو ١٦ کاتژمێر لە خێزانەکەی دوورکەوتەوە و لە ژوورێکدا خۆی شاردەوە تاکو بتوانێت لە نووسینەوە بەردەوام بێت.

لە مانگی ٩ـی ٢٠٠٧ کەی بەهار دەســـتی کرد بە نووسینەوەی یەکەم دێڕی رۆمانەکە و لە ٢٠١٥/٣/١٢ واتە دوای نزیکەی ٧ ساڵ رۆمانەکە گەیشـــتە بازاڕ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارە زۆر دڵی کەی بەهار دێنێتە جۆش، چونکە بەهۆی رۆمانی <نامە لە کوردێکەوە> ئێمەی کوردیش بووین بە خـــاوەن بەرهەمێك لە بازاڕی جیهانی کە لەمڕۆ بەدواوە دەتوانین لە باســـەکانماندا لەگەڵ کۆمەڵگەی بیانـــی پەنجـــەی بـــۆ بەریـــن و بڵێین ئـــەوەش بەرهەمی ئێمەی کوردە. ئەم رۆمانـــە بە زمانی ئینگلیزی لە بەریتانیا بڵاوبۆوە و پێشـــوازییەکی بەرچاویشی لێکراوە.



# ئیشواریا و ئەبهیشک پلەی یەکەمیان بەدەستهێنا



سالانە لە شاری مۆمبای وڵاتی هیندستان پێشبڕکێیەك ئەنجام دەدرێت بۆ دەستنیشانکردنی (رێکپۆشترین ئەستێرەی ساڵ) و بەردەوام ژمارەیەکی زۆری ئەستێرەکانی هیندستان بەشداری لەم پێشبڕکێیەدا دەکەن و میدیاکانیش گرنگییەکی زۆری پێدەدەن.

دەزگای (هیندوستان تایمز) کە یەکێکە لە ناودارترین و گەورەترین دەزگاکانی راگەیاندنی وڵاتی هیندستان، رێکخەری پێشبڕکێیەکەیە و ئەمساڵ هەر یەکە لە ئیشواریا رای و ئەبهیشك باباجانی هاوسەری لە ئاهەنگەکەدا ئامادەبوون و زوومی کامێراکانی رۆژنامەنووسان گرنگییەکی زۆریان بە ئامادەبوونیان دا، چونکە تەنیا وەك میوانێك ئامادەی ئاهەنگەکە نەبوون، بەڵکو ئەمساڵ خەڵاتەکەیان بە هاوبەشی پێبەخشرا، لە ئاهەنگی بەخشینی خەڵاتەکان ئیشواریا جلێکی رەشی درێژی سینگکراوەی پۆشیبوو، قژیشی کردبۆوە و مکیاژێکی دووکەڵی بۆ چاوی کردبوو، ئەمەش جوانییەکەی زیاتر کردبوو، سەرنجی میدیاکانیشی بە تەواوی بۆ لای خۆی راکێشا.

هەر لە سەرووبەندی دابەشکردنی خەڵاتەکان ئیشواریا بە میدیاکانی راگەیاند کە ئێستا سەرقاڵی وێنەگرتنی فیلمێکی نوێیە بە ناوی (جازبا) و لە رێگەی ئەم فیلمەش دووبارە دەگەڕێتەوە و تێیدا رۆڵی کچە پارێزەرێك دەبینێت.



# ئیڤا: نازانم بۆ وازم لێناهێنن

چەند ساڵێکە ئیڤا گرینی ئەستێرەی سینەمایی فەرەنسی لە فیلمەکانی سەرکەوتنی بەردەوام بەدەست دەهێنێت، هەمووشیان ئەو فیلمانەن کە خاوەن جەماوەرێکی زۆرن و دەرهێنەران بە ئەکتەری شیاوی دەزانن بۆ رۆڵەکانیان تەنانەت بەشێك لە رەخنەگران بەشێکی زۆری سەرکەوتنی فیلمەکان بۆ بەشداریکردنی ئیڤا دەگەڕێننەوە.

دوایین فیلمی ئیڤا بەشی دووەمی فیلمی (٣٠٠) بوو کە یەکێك بوو لەو فیلمانەی داهاتێکی زۆری کوکردەوە، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە ئیڤا بەردەوام رووبەڕووی رەخنەی رەخنەگران دەبێتەوە و زۆر جار بە زیادەڕۆیی لە خۆڕووتکردنەوە تۆمەتباری دەکەن، تەنانەت لە فیلمی (شاری گوناە) رێگە بە بڵاوکردنەوەی پۆستەری فیلمەکەی نەدرا، لەمبارەیەوە ئیڤا دەڵێت: دوای سەرکەوتنی فیلمەکانم، من تووشی سەرسوڕمان دەبم کە ئەم هەموو رەخنە لە من دەگیرێت و رێگە بە بڵاوبوونەوەی پۆستەری فیلمەکانم نادرێ و تۆمەتی سەیر و بێ بنەمام دەخەنە پاڵ، تا وای لێهاتووە لە دوای نمایشکردنی فیلمەکانم چاوەڕێی رەخنە و تۆمەتی جیاجیا دەبمەوە. نازانم کەی واز لە من دەهێنن لە کاتێکدا زۆر ئەکتەری دیکە هەن فیلم و کارەکانیان زۆر لە فیلمەکانم ورووژێنەرتر وسەرنجڕاکێشترن و کەسیش باسیان ناکات.



# مایلی سایرۆس هێرش دەکاتە سەر کارداشیان

ماوەیەکە کە ناوی مایلی سایرۆسی ئەستێرەی موزیکی جیهانی دەهێندرێت بەبێ گرفت و کێشە نابێت، دوایین گرفت و کێشەی سایرۆس کە ئێستا باس دەکرێت لە نێوان ئەو و کیم کارداشـــیان و کانی ویستی هاوسەریەتی، هۆیەکەشی بۆ نۆرسی کچەکەیان دەگەڕێتەوە.

بەر لە ماوەیەك مایلی گاڵتەی بە نۆرس و دایك و باوکی کرد بە بڵاوکردنەوەی سێ وێنەی هاوبەشـــیان، چەند رۆژێك دوای بڵاوبوونەوەی ئـــەم وێنەیە وێنەیەکی دیکەی کچەکەیانی لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی ئەنستگرام بڵاکردەوە کە زۆر کەس بە وێنەیەکی سەیریان وەسف کرد، لە وێنەکەدا کیم دەرکەوت کە کچەکەی هەڵگرتبوو و چاوێکی بە تەواوی نەکراوەتەوە.

مایلی لەسەر وێنەکە نووسیبووی: (دایە سێلفییەکی دیکەم ناوێ)، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ زۆری ئەو ســـێلفییانەی کە کیم لەگەڵ کچەکەی دەیگرێت و بڵاویان دەکاتەوە، ئەوەی ســـەیرە بە لای چاودێرانەوە ئەوەیە تا ئێستا کیم بەهیچ شێوەیەك وەڵامی سایرۆسی نەداوەتەوە، هەرچەندە بەوە ناسراوە کە زۆر توندە، بۆیە چاودێران چاوەڕێی وەڵامێکی توندی کیم دەکەن و رەنگە ســـایرۆس تووشـــی گرفتێکی گەورەی بکەن.

ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (ڕووەو چیا بەرەو شۆڕش)
# (٩)

**ئەحمەد سالار**
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت



لــە ڕێگای لقی (٤)ی پ.د.ك کە بارەگاکەیان لــە گوندی (هەرگێنە)ی پێنجوین بوو، ئاگادار کراینەوە کە لە ئەمانەی گشــتی ڕۆشنبیری و لاوانەوە، بانگی من و خوالێخۆشــبوو(نوری وەشتی) کراوە بچین بۆ سەرەوە لە ڕێگای ئێرانەوە، ئەوە بوو لەگــەڵ کاك نوریدا چووینە لق وهونەرمەند (پەیمان بەگۆگ)یشــمان لەگەڵ خۆمانا برد، چونکە هەواڵمان پێگەیشت کەسوکاری هەواڵی نازانن و بەتایبەتیش پــاش بۆردومانەکەی (قــەڵادزێ)، دیــارە هەمەجۆر هەواڵــی جەرگبڕیان پێگەیشتبوو، ناچار دایکی ئاگری جگەر هەڵیگرتبوو بەرەو (دەربەندی رایات) و (ئازادی) چووبوو.

داوامــان لە هەڤاڵانی لق کرد، داوا بکــەن کاك (پەیمان)یش لەگەڵمانبێت. بۆ بەیانی کەوتینە ڕێ و لە شــاری (مەریوان)ەوە بەرەو موکریان ڕێکەوتین، خەڵکەکــە زۆر ڕێزیان لێگرتین و پێشــمەرگە گەلێك پیــرۆز بوو لایان، لە بۆکان لاماندا و پاشــان شــەوێك لە ســەقز ماینەوە، کڵاو و مشکیەکی نوێم کــڕی و بەســتم، نمەنمەی باران بوو، کاك نوری و پەیمان ســەیریان ئەکردم و بــزە ئەیگرتن، تومەس مشــکییە (عەلی خانی)یەکــەم ڕەنگی داوەتەوە و بەســەرچاوما هاتۆتە خوارێ، بە هەرحاڵ مشــکییەکەم لەبەر چاو کەوت و گەڕامەوە بۆ سەر جامانە کۆنەکەم.

هەمیشــە شاری (مهابات) لامان گەلێك شیرین و پیرۆز بوو، عەزرەتخوازی بینینی بووین، سەیری هەر شــتێکی جوانم ئەکرد (پێشەوا قازی محەمەد) و یاوەرانیم ئەبینییەوە، بەر لە سۆراغی میوانخانە، چاومان بۆ مەیدانی (چوارچرا) ئەگێڕا، پاشان چووینە میوانخانە و لەوێش خوالێخۆشبووان (نوری ئەحمەد تەها) و ( حاکم حەسەنی سەید ئەحمەد) و (عەزیز خۆشناو)مان بینی و پێیان شادبووین.

پــاش نیوەڕۆ لەگەڵ کاك (نوری ئەحمەد تەها) چووینە دەرێ، وتی: ئێســتا ئەچین بۆ چوارچرا و ئەو خانووەشــت پێ نیشــان ئەدەم کە ئاڵای کوردستانی لەســەر هەڵکرا، گەیشتین ورتەم لەخۆ بڕیبوو و کاك نوری دوکان بە دوکان و خانوو بە خانووی ئەو ناوچەیەی پیشاندام، باسی ئەو سات و کات و ڕۆژەی ئەکرد، کە ئاڵاکەی تیادا هەڵکرا و ئامادەبووانەکەش، ئەوە پێشــەوا و ئەوە بارزانی نەمر... یەك بە یەکیان، پاشــان هەر لــە گۆڕەپانەکەدا بەلای چەپ ئاوڕی دایەوە مەیخانەیەکی گچکەی بینی وتی ئەچم بیرەیەکی لێ ئەخۆمەوە، وتم: باشە بە قوربان تۆ بەر لە هاتنمان لە میوانخانەکە

نوێژت کرد، ئەی کەواتە چۆن ئارەزووی بیرە خواردنەوە ئەکەیت؟
: بەردی گورچیلەم هەیە، دکتۆر بووی نووسیوم، ئەی مەلازادە وەعزم بۆ دامەدە.

چووینە ژوورەوە کابرایەکی سەرسپی کەمێك قەڵەو دەموچاو سور وسپی، خۆی پێ ناسین کە فلان ئەفسەرە لە کاتی کۆماری مهابادا یەکتریان ناسیوە، ئیتر کابرای مەی فرۆشی ئەرمەنی دەستی کردە ملی و یەکتریان ماچ کرد، هەتا عەسرێکی درەنگ کاك (نوری) ئاخ و داخ لەناو فرمێسکەکانیا قەتیس مابوو.

باسی ئەو دەمەی بۆ کردم کە لەشکری پەهلەوی رووی کردە دەری (مەهابات) و (بارزانی نەمر) چ هەڵوێستێکی قارەمانانەی لای پێشەوا نواند، گێڕایەوە:

بارزانیم بینی هەرچۆن پڵنگێك بە بەرچاویەوە بێچووەکانی بکوژرێ، ئاگر لە چاوەکانییەوە پرشنگی ئەدا و کێ ئەیوێرا لێی بڕوانێ هەر ئەتگوت چیای (ئارارات)ە و هەستاوەتە سەرپێ.

گەڕاینەوە میوانخانە، کاك (نوری وەشتی) و کاك (عەزیز خۆشناو) لەگەڵ دوو برادەری مهاباتی چاوەڕوانمان بوون و وتیان ئەمشەو میوانی (محەمەدی ماملێ)ین، هەواڵێکی خۆش بوو، من بەش بە حاڵی خۆم لە منداڵییەوە هۆگر و شەیدای دەنگی ئەو هونەرمەندە بووم.

کاتێ (ماملێ) بیستبووی کاك (وەشتی) لە مەهاباتە حەزی کردبوو میوانداری بکات، ئەوە لەبەر چاو بووە کە کاتی خۆی هاتۆتە شاری (سلێمانی) و کاك (نوری وەشتی) میوانداری کردبوو، ئەو دوو برادەرە (مەهابات)ییە رێپیشاندەرمان بوون، بە لای چوارچرادا راستە رێگایەکی بەرین هەبوو ئەچووە سەر کۆڵانەکەیان، چاوم بە دوکانێ کەوت کە کەل وپەل و ئامێری ئەلەکتریکی ئەفرۆشت، رووخسەتم لێ وەرگرتن، ریکۆردێکی گچکەی مارکە (باسیق)م لێ کڕی، ماملێ پێشوازییەکی گەرمی کوردانەی لێکردین، لە ژوورێکی ماڵەکوردانەی بە مافور و پاڵپشتی مافوریی رازاوە، کەوتنە باس و خواسی یادەوەری و باری گۆرانی لە هەردوو لا، دوو ژەنیاری لێ بوو بە دەست و پەنجە و گیانی ژەنیدیاندا دیار بوو ئازەری بوون. کاك (نوری) داوای مەقامی (قەتارەی سنە)ی لێکرد، ئەویش چریکانی:

(خەرمانەکەی خاقانی چینم
کەی توجار بووە بەهاونشینم
شەرتە پۆستی دڵ وەکاڵەکەم
..........................)

منیش بە دەرفەتم زانی ریکۆردەکەم لەبەر دەمیا دانا، دوای دەستیکرد بە خوێندنەوەی شیعری گۆرانییەکانی و پتر هەڵوێستی لەسەر ئەو گۆرانییە کرد کە شیعری (کامل) بوو:

(( من دەڵێم: شاری دڵم باغ و گوڵستانە دەچم
ئەو دەڵێ: نا قەسە بەشۆڕشی مەستانە نەچی
من دەڵێم: نوختەیی ئەو رەوزەنی ئیمانە دەچم
ئەو دەڵێ: نارەشە جێ راوگەی شەیتانە نەچی
من دەڵێم: مەسکەن و ئارامگەی جانانە دەچم
ئەو دەڵێ: سەربە سەری تێکچووە وێرانە نەچی ))

(ماملێ) کەوتە لێکدانەوەیەکی ورد و مەبەستی نیشتیمانپەروەری شاعیرەکە لەو شیعرە و پاشان باسی شاعیرەکەی بۆ کردین کە لە گوندێکی نزیکی (مەهابات) ئەژی، ئیتر هەر برادەرە نموونەیەکی شیعری ئەهێنایەوە و منیش ئەم شیعرەی خۆم خوێندەوە:

(( مانگم کە بینی بیرم بۆ لای رۆی
سەرنجم لێدا و کڕنووشم برد بۆی
گوناحم نەبی زوێر نەبی لێم
بە خوا گیانەکەم وامئەزانی تۆی ))

(ماملێ) داوای دووبارە لێکردنەوەی لێکردم ئەوسا نووسییەوە و بە گۆرانی وتی، لە دڵەوە هەستی جوانی خۆی بۆم دەربڕی.

ئیدی تا درەنگ وەختانێ لە کەش و هەوایەکی خۆشدا بەسەر برد، بەر لە ماڵئاوایی (ماملێ) فەرمووی سبەینێ شەو لە ماڵی ئازیزێکم ئاهەنگمان هەیە، زۆر حەز ئەکەم ئامادەی ئەو شاییە مەهاباتییە بین، بۆ ئێوارە خۆم ئەنێرم بە دواتانا.

بڕیار بوو بۆ بەیانی بەرەو (خانە) بڕۆین و بچینە (حاجی ئۆمەران)، بەڵام لەبەر بۆنە شاییە دوامانخست.

چونکە هەر لە نان و ماست راهاتبووین لەوێش هەر داوای ئەومان کرد، کابرایەك لەبەردەم میوانخانەکە (مل)ی هەڵئەدا و ئایندەی خەڵکی پێ ئەخوێندەوە، کابرایەکی مڕوموچی تورە، بەڵام (حاکم حەسەنی سەید ئەحمەد) بە جۆرێك سەری کردە سەری، ختیە سەر هەمەجۆر جنێو و قسەی هەلەق و مەلەق، هیچ وقارێکی بەو کابرایەوە نەهێشت، کاك حەسەن بە تەواوی دڵی ئاوی خواردەوە ئینجا وتی: دەی کوڕینە با بای باڵی خۆمان بدەین و بکەوینە گەڕانی بازاڕ و کۆچە و کۆڵانەکان، هەر پێنجمان هەتا هێزمان لەبەرا بوو گەڕاین، بۆ ژەمە نانی نیوەڕۆ لە شوێنێکی تایبەت، دیار بوو (رێست هاوس)ی شارەکە بوو قاوەلتیمان کرد، ئیدی گەڕاینەوە بۆ پشوودان و سەرخەوشکاندن، دونیا تاریکی کرد لە هۆڵی پێشوازی چاوەڕوانی نێردراوەکەی (ماملێ)مان ئەکرد و دیژلەمە بە دوای دیژلەمە فرمان ئەکرد، برادەرەکە هات و لەگەڵی بە چەندین کۆڵانی تەنگەبەردا رابوردین، دەنگی جۆش و خرۆش و قریو قریو لە دوورەوە ئەبیستر‌ا، هەردوو تاکی دەروازەی ماڵەکە خرابووە سەرپشت، بەپیرمانەوە هاتن و بە ناو حەشاماتی شاییکەراندا سەرکەوتینە سەرەوە و لەسەر قەنەفەکانی بەر هەیوانەکە دانیشتین، کە ئەیڕوانی بە سەر حەوشەیەکی گەورەی لە سێ لاوە بە ژوور و هەیوان و باڵەخانە دەوردرا بوو، هەمووان رازاوە بوون، حەوش و هەیوان و سەربان چراخان بوو، هەر ئەتگوت گویسەبانەکانیش لە شاییدان و حەزیان لە هەڵپەڕینە، بە چوار دەوری حەوشەکەدا دەستگیرا بوو، رەشبەڵەك بوو، جۆشیان سەند بوو، داوایان لە ئێمەش کرد هەڵپەڕین. تومەس ئەوان لە شوێنی خۆیان نەبزواون و بە تەنها من شانی بۆهەڵئەتەکێنم، گوێم لێ بوو ئەیان وت: ئەوا چوو بۆ غەریبی، لە شانی خانمێکی پشتێن شلەوە هەڵپەڕیم، پێیان ناساندم، کە ئەو خانمە (میدیای زەندی) یە کە هاوسەری (حەسەن زیرەك) بووە، ناسیمەوە لە شەستەکاندا لە نواندنی چیرۆکە رادیۆییەکاندا بەشدارییەکی جوانی هەبوو، شانازی پێوە ئەکەم.

ئەو جۆرە شاییە پوخت لەو جۆرە شاییە بوو، کە رۆژهەڵات ناسی ئینگلیز (کلۆدیۆس ریبچ) لە گەشتەکەی ساڵی (١٨٢٠)ی دا بۆ کوردستان باسی لێوە ئەکات، شەوێك بوو لەو شەوانەی هەرگیز لە زەینما ناسڕێتەوە.

هەر کە گەڕاینەوە شوێنەکەمان هێندە کفت بووین سەرکردنە سەر سەرین و خەون بینین یەك بوو، گۆرانییەکانی (ماملێ) لە گوێمدا ئەزرنگانەوە، هەر بەیانی زوو بە ئاگاهێنراین وسواری پاس بووین و بەرەو خانە کەوتینە ڕێ، دانیشتنی ئەو پاسانە ماڵی خەوتن بوو، چونکە تێر نەبووبووین، هەرچەندە هەوڵمئەدا دەوروبەری رێگا ببینم، بەڵام پێڵووم قورسی خەوبوو، نەیهێشت.

**ماملێ پێشوازییەکی گەرمی کوردانەی لێکردین، لە ژوورێکی ماڵەکوردانەی بە مافور و پاڵپشتی مافوریی رازاوە، کەوتنە باس و خواسی یادەوەری و باری گۆرانی لە هەردوو لا**

**لە شانی خانمێکی پشتێن شلەوە هەڵپەڕیم، پێیان ناساندم، کە ئەو خانمە (مەدیهەی زەندی) یە کە هاوسەری (حەسەن زیرەک) بووە، ناسیمەوە لە شەستەکاندا لە نواندنی چیرۆکە رادیۆییەکاندا بەشدارییەکی جوانی هەبوو، شانازی پێوە ئەکەم**